**بابەت: کوردۆلۆجی**

**ئامادەکردنی مامۆستایانی بابەت**

**١- سازان جوهەر حمە غەریب. بەشی کاررەبا.**

**2- سومەیە نەجیب خلیل . بەشی کیمیایی نەوت.**

**زاراوەی کوردۆلۆجی**

لە دوو وشە پێکدێت (کورد + لۆجی).

کورد بە واتای نەتەوەی کورد دێت

لۆجی بە واتای زانست و ناسین و زانین و لێکۆڵینەوە دێت

هەردووکیان پێکەوە لێکدراون و بۆتە زاراوەیەك بۆ هەموو ئەو زانستانەی کە پێناسەی کورد دەکات و هەموو لایەنەکانی ئەو نەتەوەیە دەخاتە روو .

بە واتایەکی تر کوردۆلۆجی بەوە پێناسە دەکرێ: ئەو زانستیە کە باس لە ناساندنی نەتەوەی کورد دەکات , هەروەها خۆی خەریك دەکات بە لێکۆڵینەوەی لە بارەی مێژوو زمان و جوگرافیاو کلتور و ئەدەبی کوردی و نیشتیمانی گەلی کوردەوە.

**بۆچی زانستی کوردۆلۆجی زانستێکی ئەوروپیە؟**

١- چونکەئەوروپییەکان یەکەم کەس بوونە کەبایەخیان بە کورد داوە، لەسەر کوردستانیان نوسیوە.

٢- چونکە هەمووئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی ڕۆژئاواییەکان لەسەرکوردییان نوسیوە بوون بە سەرچاوەی دامەزراندنی زانستی کوردۆلۆجی.

**مێژووی سەرهەڵدانی** زانستی کوردۆلۆجی:

کوردۆلۆجی لە سەرەتادا لقێک بووە لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی. ڕۆژهەڵاتناسیش ئەو زانستە بوو کە لە سەدەی چواردەم بە بڕیارێکی ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بە

ڕەسمی دامەزرا. بە پێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی ئۆکسفۆرد، ، پۆلۆنیا، پاریس،کامبریج دەستکرا بە وانە وتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، کەواتە کوردۆلۆجی سەرەتابەشێك بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی و وەکو ڕۆژهەڵاتناسیش بینیی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات.

زانستی کوردۆلۆجی لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادابە تایبەتی لە ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید و بەریتانیا وەك بەشێك سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێراںناسی و ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێندرێت، کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆی سیاسی هەرگیز سەربەخۆ نەبووەو پاشکۆی بەشی ئێراںناسی بووە،بەڵام بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لەئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ لە بەشی ئێراںناسی جیابووەوە و بوو بە بەشێکی سەربەخۆ، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا لیرخ هاتە بەرهەم.

**پرسیار: هۆکاری بایەخپێدانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بۆ بابەتی کوردۆلۆجی چیە؟**

١- بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە.

٢- بوونی سنووری ڕاستەوخۆی ڕوسیا لەگەڵ گەلی کورد.

٣- بوونی زانیاری دەربارەی کورد و وڵاتەکەیان بە شێوەی ڕاپۆرتی دبلۆماسی و سەربازی لە کتێبخانە و مۆزەخانە وئەرشیفەکانی دەوڵەتی ڕوسیا.

**مێژووی زاراوەی کوردۆلۆجی:**

• لەناو کوردیشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە مێژوەکی کۆنی نیە و بۆ یەکەم جار

زاراوەی ((کوردۆلۆجیا)) لە ساڵی (1913) لە لاپەڕە ( 8) ی ژمارە (2) ی گۆڤاری ((ڕۆژی کورد)) لە ئەستەمبوڵ لە لایەن د.عبداللە جەودەتەوە بە کارهاتووە....

• لە پاشانیش لە ساڵی 1934 لە گۆڤاری ((هاوار)) لە لایەن (جەلادەت بەدرخان) یش لەساڵی 1934 لە وتارێکی بە ناوی ( کوردو کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بڵاوکردۆتەوە تیایدا باسی کوردناسی کردۆتەوە.

• هەر لەم ساڵەشدا یەکەم کۆنفرانسی کوردناسی  کوردۆلۆجی لە یەریڤانی پایەتەختی ئەرمەنستان سازکراوە.

**سوودی زانستی کوردۆلۆجی**

سودی زانستی کوردۆلۆجی بریتیە لە سودی هەموو زانستەکانی فۆلکلۆر و مێژوو جوگرافیا و هونەرو ئەدەبیات و زمان و ئارکۆلۆژیاو نەخشەسازی و نیگار کێشان دەستنووس و  بیلۆگرافیا لەیەك کاتدا, کوردناسی یاخود کوردۆلۆجی هەموو ئەو زانستانەیە پێکەوە , هەموو ئەو بوارانە لە بۆتەیەکدا کۆبونەتەوەو گەنجینەیەکی بە هاواری نەتەوەکەمان پێك دەهێنن , تەنانەت خودی شارستانیەتێك بەناوی شارستانیەتی کوردستان لەنێو ئەو زانستەی کوردۆلۆجیدا واتە لەنێو کتێب و سەفەرنامەی گەڕاڵەکانداو ڕۆژهەلاتناسەکاندا حەشاردراوە.

بەڵام لێرە خاڵێکی گرنگ هەیە ئایا ناساندنی ئەم هەموو زانستە گرنگانە لە بارەی ژیانی مرۆڤی کوردەوە لە دیدی کێیە؟ بێگومان بە زۆری ئەو ناساندنانە لە دیدی ڕۆژئاواییەکان بووە بۆ کورد هەرچەندە هەندێ کەسایەتی کوردیشمان هەبووە، کە لەم بوارە ئەسپی خۆیان تاوداوە، بەڵام بە کوردناسی دانانرێ، چونکە ِڕۆژهەلاتیەکان خۆیان لە خۆیان دواون، وەکو وتمانیش کوردۆلۆجی ناساندنی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات .

کوردناسەکان بەر لە کورد  لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد کردووە، ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر کورد یان نووسیوە، بەشێکی گرنگ لە کەلەپوورو کەلتووری کورد پێکدەهێنن . واتە ئەم نووسینانە نرخ و بەهای خۆی هەیە بۆ شارەزابوون لە ڕابردووی کورد، چونکە زانیاری بەسوودیان دەربارەی نەتەوەی کورد تۆمارکردووە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان بەباشی هەندێکیشیان بەخراپی باسی کوردیان کردووە.

**بنیاتنانی بیری کوردناسی**

1- یۆنانیەکان واتە گریکەکان لە زەمانی دێرین ,یەکەم کەس بوونە هاتونەتە کوردستان بۆ یەکەم جار کتێبیان لە بارەی کوردو وڵاتی کوردیەوە نوسیوە هەر بۆیەش یەکەمین و کۆنترین سەرچاوە کە ناوی کوردی تیا هاتبێ و پەیوەندی نێوان ڕۆژئاواو کوردمان بۆ بگرێتەوە کتێبی (ئانابازێ ئگزنەفونە) ئەمە بوە

سەرچاوەیەك کە ئەورِوپا بۆ ناسینی کورد پشتی پێ بەست ئەم گەشتنامەیە بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوە بەشێکی تەرخان کراوە بۆ گێرانەوەی ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەی کە زەینەفۆنو لەشکرەکەن بەیان هاتووە.

دوای ئەو ئەسکەندەریمەکدۆنی کاتێك کوردستان داگیر دەکات لە شەرِێك بە ناوی (ئەرِبێلا) یاخود گۆگامێل وا دەکات سەرنجی هەموو دنیا بۆ کوردستان ڕابکێشێت چونکە ئەو شەرِە یەکەم سەرکەوتنی رِۆژئاوا بوو بەسەر رِۆژهەڵات.

٢- مێژوونووسەکان: وەك مێژوونووسی ئەرمەنی مایسای خۆرێنسکی لە سەدەی پێنج بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بواری مێژووی کورد دادەنرێت لەم پەرتووکەدا باس لە وڵاتی میدیا دەکات بووە بناغەیەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی سەرەتای بیری کوردناسی.

٣- کتێبی ئاسمانی: (قورئان، ئینجیل، تەورات) لەم کتێبانەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی کورد نەکراوە بەڵکو ناوی هەندێک شوێنی کوردستان هێنراوە وەك چیای جودی، ئارارات، میدیا، ... هتد.

٤- جەنگی خاچپەرستەکان: ئەم لە سەدەی دوازدە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی مسوڵمان و ڕۆژئاوای مەسیحی ڕوویدا بە سەرۆکایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی بەرامبەر بە دوو سەرکردەی ئەوروپی بە ناوەکانی فلیپی فەرەنسی و ریچارد شێردڵی ئینگلیز، پەیوەندی نێوان ئەوروپا و کورد لەم جەنگە دێرینەدا چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لە ئەدەبی کوردی و ئەوروپیدا درستکردوە وەکو مستەر ریچ کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانییە لە گەشتنامە بەناوبانگەکەیدا باسی چیرۆکی ئەفسانەیی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کیغانی فەرەنگ) دەکات.

٥-زانا موسڵمانەکان (عەرەب , تورك , فارس): بە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ بۆ دامەزراندنی بیری کوردناسی لەلای ئەوروپیەکان دادەنرێن.

## لێکۆڵەرانی کوردۆلۆجی

**١-کوردناسە ڕۆژئاواییەکان:**

شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کە کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و، هەندێ هۆکاری ئابووری وسیاسی وسەربازی وای کردووە سەرنجی وولاتە ئەوروپییەکانی وەک : بەریتانیا و فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ڕووسیای ڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە زۆر شتیان دەربارەی کورد نووسیوە. لەو کوردناسانەش:

أ- ماوریزیۆ گارزۆنی 1787: قەشەیەکی ئیتاڵیە بە باوکی کوردناسی لە ئەوروپا لە قەڵەم ئەدرێ (18) ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە , یەکەم کاری بریتیە لە دەستوری زمانی کوردی و ئیتاڵی مەبەستی هەرە بنچینەی لەم کارەدا کە بەڵگەی پراکتیکی لە فێربونی زمانی گفتوگۆی کوردی بدات بەدەستەوە .

ب- ریا: کوردناسێکی ئەمریکی یە لەناو کوردەکانی هەکاری ژیاوە و بە چاکی فێری زمانی کوردی بووەو لە ساڵی (1870) کتێبی دەستووری زمانی کوردی و فەرهەنگی هەرێمی هەکاری داناوە.

ت- -ئۆسکارمان: زانایەکی ئەڵمانیە لە ساڵی(1901) تا ساڵی(1903) لە ژێر چاودێری ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمان خەریکی فێربوون و لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە بووە لە زمان و فۆلکلۆری کوردی.

ث- د- سۆن : کورناسێکی ئینگلیز بووە لە کوردستان ,کارەکەی دانانی کتێبی (دەستوری زمانی کوردی) بوو,ئەمەش بۆ ئەو ئینگلیزانەی کە لەکوردستان دەژین بۆ فێربوونی زمانی کوردی سوودی لێوەرگرن

**٢-کوردناسە مسوڵمانەکان:**

لەدوای ئاشنابوونی کورد بەئاینی ئیسلام، کورد وەک نەتەوەیەک بەشێک لە نووسراوەکانی مێژوونووس و جوگرافیاناس و سەربردەنووسانی موسلمانانی داگیرکردووە، وەک:

1- محەمەدی کوڕی جەزیری تەبەری: کتێبە مێژووییەکەی بە ناوی ( تاریخ الامم و الملوک)، ئەم کتێبە لە درووستبوونی بوونەوەرەوە دەست پێدەکات هەتا ساڵی 915 ی زایینی، لە زۆرشوێن باسی کورد دەکات.

2-ئیبن ئەسیری جەزیری : کتێبەکەی بەناوی (الکامل فی التاریخ)، ئەم کتێبە درێژە پێدەری کتێبی تەبەرییە، بەدرێژی باسی بزوتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات.

٣- ئیبن حەوقەل : لەکتێبی ( صورة الارض) زۆر بە ڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە.

4-ئەلمەقدیسی: کتێبەکەی ناوی (أحسن التقاسیم فی المعرفە الاقالیم) ە زۆر بە درێژی باسی لە داب و نەریت و کەلتورو وڵاتی کوردان کردووە کوردستانی بە هەرێمی سەربەخۆ لە وڵاتی دی داناوە.

5-ئیبن بە توتە: جوگرافیاناسی مەغریبی لە بەغداوە بە کوردستانی باشوردا تێپەڕیوە ,لە سەفەرە ناودارەکەیدا بە دوورو درێژی باسی وڵاتی کوردو ژیانی گەلی کوردی لەو سەردەمە کردووە.

6- ئەمە جگە لە ابن خلدون و ابن خلکان و ابن المستوفی .....هتد

٣-کوردەکان:

هەندێك لە رۆشنبیرە کوردەکان , هەستیان بەوە کرد پێویستە نەوەکەیان وەکو هەر نەتەوەیەکی تر کە خاوەنی سامانی رِۆشنبیری و کەلتوری فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیەتی پێویستە بناسرێ , وە توانیان لەرِووەوە زانایان و شاعیران و نەریتی  خۆیان بناسێنن بە کوردی و غەیری کورد و دەتوانین ئاماەیان پێ بکەین :

1- لە رِووی مێژوو: شەرەفخانی بەدلیسی  ومحمدئەمین زەکی کەمال مەزهەر...هتد

2-لە بواری رِێنوس و رِێزمان و زمانی کوردی: جەلادەت بەدرخان , نوری عەلی ئەمین , جمال نەبەز حامید فەرەج , تۆفیق وەهبی.....هتد.

3-لە بواری ئەدەب : عەلاددین سەجادی , سدیق بۆرەکەیی , عیزەددین مستەفا رەسول, مارف خەزنەدار, ئەمینی عەبدال.....هتد.

4- لە بواری جوگرافیا: پێویستە ئاماژە بە(عبدولرەحمان ئەمین زەبیحی) بکەین.

5- لە بواری سیاسی و ئابوری کوردستان لێکۆڵینەوەی (عەبدوڵرەحمان قاسملۆ) باشترین بەرهەمە کە بەشێوەی زانستی لەسەر کورد نوسرابێت و بۆ چەند زمانێکی ئەورِوپی و عەرەبی وەرگیراوە .

**ئامانجی کوردناسەکان چییە ؟هۆی سەرهەڵدانی زانستی کوردۆلۆجی و ئامانجی کوردناسەکان؟**

**1.ئامانجی ئاینی** :کورد سەر بە دین و مەزهەبی جۆراو جۆر بووە، وەکو: زەردەشتی و مەسیحی و یەزیدی و موسڵمان و حەقە و.....هتد، بۆیە رِێبەرو سەردارانی هەر دینێک ویستوویانە بێن بۆ کوردستان و بیکەن بە مەیدان و بەرەو پێش بردنی ئەو دین و مەزهەبە دیاریکراوەی خۆیان، بە تایبەتیش مەسیحیەکان،

دەستەیەکی بەرچاویان هاتوونە بۆ ناسینی ئەو کەمە نەتەوایەتیە مەسیحیە کوردەی لە کوردستان دەژین بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و زانیاری پەیداکردن

لەسەر ئاینەکانی تر . وەکو قەشە ( گارزۆنی ئیتاڵی و تۆمابوای فەرەنسی).

**2. ئامانجی سیاسی:**

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی بۆ دانانی پلانی پێش وەختە بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، چونکە کوردستان بایەخێکی ستراتیجی مەزنی لە ڕووی سیاسی و سەربازی بۆ وڵاتی بێگانە هەبووە، وەک (مێجەرسۆن).

**3. ئامانجی بازرگانی و ئابووری:**

زۆریک لە بازرگانەکان ئەو بازرگانانە بوون کە بە مەبەستی ئاڵوگۆری کاڵاو پێداویستیەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشت و سەفەریان دەکرد، جا لەپاڵ مەبەستی بازرگانی و ئابوریان هەڵدەستان زانست و زانیاریشیان لە بارەی مێژوو زمان و کلتوری ئەو نەتەوانە کۆ دەکردەوە کە بازرگانەکە بۆی دەهات، لە سەدەکانی ڕابردوش بەشی هەرە زۆری ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

بە کوردستان تێدەپەڕی، وەکو (گاگارای) ڕووسی و (ژان) ی فەڕەنسی.

**4. ئامانجی زانستی و ئەکادیمی و ئاینی:**

تا کۆتایی سەدەی (18) ڕۆژهەڵات ناسەکان زیاتر بە مەبەستی سیاسی و جاسوسی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بەرەو ڕۆژهەڵات و کوردستان سەفەریان دەکرد، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی (1800) بەملاوە کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناسی پەیدابوون کە هیچ بەرژەوەندیەکی مادی وسیاسیان نەبوو، بەڵکو تەنها بە مەبەستی لایەنی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری بوو لە بارەی زمان و کلتورو جوگرافیای ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و داڕشتنی نەخشە،یاخود شاعیر و هونەرمەندو نوسەربوون بۆ لایەنی ڕۆمانسی خۆیان ڕۆژهەڵاتیان بە بەهشت و لانکەی بوژانەوە دادەنا، دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانی خۆیان بۆ سەردانی کوردستان و ڕۆژهەڵات دەهاتن، وەک لامارتین و گۆتی و شاتۆبریان ...هتد.

**گرینگترین کاری کوردناسی خۆی لەمانە دەبینێتەوە :**

**1- کاری کوردناسەکان بەسەرچاوەو هۆکارێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد دادەنرێ**

**2- بەهۆی لێکۆڵینەوی کوردناسەکان زمانی کوردی بە زمانێکی سەربەخۆ جیا لەزمانی ئێرانی ناسرا و چەندین فەرهەنگیش بۆ زمانی کوردی دروست کرا, وەکو کوردی وئیتاڵی و کوردی و ئینگلیزی .**

**3-دەتوانرێت گرینگترین دۆکیومێنێت لە بارەی فۆلکلۆر  بە هەموو لقەکانیانەوە لە ناو ئەو بەرهەمانە ببینرێت ئەمە جگە لەوەی  دەتوانرێ  لە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی کوردەکان و چەندین بواری تری ئابووری و جوگرافی ...هتد زانیاری بزانرێ.**

**4-کردنەوەی بەشی کوردناسی لە رووسیا.**

**کەرەسەو ماتریاڵەکانی کوردۆلۆجی**

**لێرە مەبەست ئەوەیە کە بەش و لقەکانی چین و ئەو بوارانە چین کە لێیان دەکۆڵێتەوە :**

**1-نەژادی کوردو مێژووی کۆنی کوردستان.**

**2-زمانی و کوردی و دیالێکتەکان.**

**3-فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردی.**

**4-نەخشەی جوگرافی دیاریکردنی جوگرافیای سیاسی.**

**5-شوێنەوار.**

**6-ئامرازو کەل و پەلی ڕازاندنەوەی ئافرەتان .**

**7- دین و مەزهەبەکانی.**

**8-دەستنووس.**

**9-وێنەو نیگار و گرافوور.**

**10-کتێب و بڵاوکراوەو بیلۆگرافیا .**